گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/y1avx432

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 13/10/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 23/12/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# بەراوردی سیاسەتی خەلیفە (المعتصم باللّه)ی عەبباسی و (الملک صالح نجم الدین)ی ئەیوبی لە هێنان و پشتبەستنیان بە تورکەکان

(توێژینەوەیەکی بەراوردکاری مێژو ییە).

**علی عثمان حسن[1] - احمد رضا احمد[2]**

ahmedmejw@uor.edu.krd - aliosman2141@gmail.com

[1+2]بەشی مێژو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ڕەگەزی تورک هەرچەندە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو وڵاتە ئیسلامیانە نەبون، بەڵام ناجێگیری و خەراپبونی بارودۆخی سیاسی و سەربازی وای دەخواست بانگهێشت بکرێن بۆ ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە دو سەردەمی جیاوازدا، سەردەمێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (المعتصم باللّه) (218-227ك/833-841ز.) پەنای بۆ ڕەگەزی تورك برد و دەستی کرد بە کڕین و هێنانیان، لە دیارترین هۆکارەکانی پشت بەستنی (المعتصم باللّه) بە تورکەکان و هێنانیان بریتیی بو لە نزیکی ڕەگەزی خەلیفە لە تورکەکان، چونکە دایکی خەلیفە تورك بو، لەلایەکی دیکەوە تورکەکان جەنگاوەری ئازا و چاونەترس و بەهێزبون دەیانتوانی لەبارودۆخی دژواریشدا بژین و ئارام بگرن، جگە لەمەش هێنانیان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بو، کە توشی خەلافەت ببون لەوانە کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەی (بابکی خورەم) و بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و سەرکەوتنی بەسەر (تیوفل کوڕی میخائیل) لە جەنگی عامورییە. کوردە ئەیوبییەکانیش خاوەن دەوڵەتێکی بەهێزی سەربازی بون لە میسر و شام فەرمانڕەوایەتییان دەکرد، لە سەردەمی (الملک الصالح نجم الدین آیوب) (637-647ك/1240-1249ز.)، کە دەستیکرد بە کڕین و هێنان و پشت بەستن بە مەمالیکە تورکەکان بەهۆی بەهێزی و باڵابەرزی و خۆڕاگری و وەفاداری و دڵسۆزیان بو، بۆ الملک الصالح نجم الدین ئەیوب بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، هاوکات مەمالیکەکان بونە هێزێکی گرنگ و کاریگەر لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەناوخۆی دەوڵەتی ئەیوبی و بۆ بەرپەرچدانەوەی مەترسییە دەرەکیەکانی لە دیارترینیان ڕوبەڕوبونەوەی خاچ دروشمەکان بو، چونکە تورکەکان توانیان لە لەشکرکێشی حەوتەمی خاچ دروشمەکاندا دەوڵەتی ئەیوبی لە ڕوخان بپارێزن و خاچ دروشمەکان توشی شکست بکەن و تەنانەت (لویسی نۆیەم)ی پاشای فەرەنسایان بەدیلگرت، کە سەرکردایەتی هێرشەکەی دەکرد بۆ سەر جیهانی ئیسلامی.

**کلیلە وشەکان: تورک، خەلافەت، کۆیلە، ئەیوبی، خاچ دروشمەکان.**

# Comparing the policies of the Abbasid Caliph Al-Mu'tasim Billah and Sultan Al-Salih Najm al-Din Ayyub regarding the recruitment and reliance on Turks.

Ali Osman Hassan[1] - Ahmad Reza Ahmad[2]

[2+1] Department of History, College of Humanities, Raperin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The Turkish, however, were not the original inhabitants of these Islamic countries, the volatile political and military conditions necessitated the invitation of the Turkic ethnic group into the Islamic state during two distinct periods. The first instance dates back to the reign of Caliph al-Mu'tasim Billah (218-227 AH / 833-841 CE), who sought refuge in and began acquiring and importing Turks. Prominent reasons for al-Mu'tasim Billah's reliance on and recruitment of Turks included the Caliph's own Turkic lineage through his mother. Furthermore, Turks were renowned as brave, fearless, and strong warriors, capable of enduring and persevering in difficult circumstances. Their integration also served to resolve internal and external issues afflicting the Caliphate, such as suppressing the Khurramite movement led by Babak and countering the threats posed by the Byzantine Empire, culminating in his victory over Theophilos, son of Michael, in the Battle of Ammuriya. Similarly, the Kurdish Ayyubids, who established a powerful military state governing Egypt and Syria, during the era of Sultan al-Salih Najm al-Din Ayyub (637-647 AH / 1240-1249 CE), began acquiring, importing, and relying on Turkic Mamluks. This reliance was attributed to their strength, prowess, resilience, loyalty, and devotion, which al-Salih Najm al-Din Ayyub leveraged to achieve his objectives. The Mamluks consequently became a crucial and influential force in resolving internal issues within the Ayyubid state and in repelling external threats, most notably confronting the Crusaders. During the Seventh Crusade, the Turks were instrumental in safeguarding the Ayyubid state from collapse, inflicting a decisive defeat upon the Crusaders, and even capturing Louis IX, the King of France, who led the assault on the Islamic world.

**Keywords:** Turkish, caliphates, slaves, Ayyubids, Crusaders.

## پێشەكی:

توركەكان یەكێک بون لە ڕەگەزە گرنگ و كاریگەرەكان، كە ڕۆڵیان لە ڕوداوەكانی ناوخۆ و دەرەوە لە خەلافەتی عەبباسی و دەوڵەتی ئەیوبیدا گێڕاوە، هەرچەندە ئەم ڕەگەزە لە بنەڕەتدا نیشتەجێی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە نەبون، بەڵام لەسەر داوا و پێشنیازی خەلیفە (المعتصم بالله) و (الملک الصالح نجم الدین آیوب) دەكڕدران و دەهێنران بۆ ناو خاكی خەلافەتی ئیسلامی بۆ بەغدا و لە سامەڕا، میسر و شام جێگر و پەروەردە دەكران دڵسۆزی و گوێڕایەڵیان بۆ فەرمانەكانی سەروی خۆیان وای كرد متمانەیەكی زۆر پەیدابكەن و لە ماوەیەكی كەمدا لە سەربازێكی ئاساییەوە وە ببنە سەركردەیەكی دیار و خاوەن بڕیار، توركەكان لە ڕوی سیاسی و سەربازی توانا و هێزی خۆیان لە هەردو سەردەمی خەلافەتی عەبباسی و دەوڵەتی ئەیوبیدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكانی ناو خەلافەت نیشانداوە، وەكو جەنگەكانی دژ بە نەیارانی خەلافەت وەستانەوە دژ بە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و خاچدروشمەكان، كە زۆربەی سوپاكەی عەبباسی و ئەیوبییەكان لە كۆیلە توركەكان و مەمالیكەكان پێكهاتبون لەم دو سەردەمە دیاریكراوەدا.

## گرنگی بابەتەكە:

گرنگیدان و لێكۆڵینەوە لەسەر ماوەی توركەكان و نیشاندان و دیوی ناوەوەی ڕوداوەكان كارێكی گرنگ و بەبایەخە، چونكە ڕەگەزی تورک توانیویانە ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە ڕوداو و پێشهاتەكاندا، سەرەڕای ئەوەی ئەو كۆیلانە بە مەبەستی سەربازی كڕدران، بەڵام دوای ماوەیەک بونە هێزێكی كاریگەر و خاوەن پێگە لە بوارەكانی سیاسی و سەربازی لە هەردو سەردەمی خەلیفە (المعتصم بالله) و (الملک الصالح نجم الدین آیوب) ئەم دو دەسەڵاتدارە تەواوكەری یەكتربون لە هێنانی توركەكان بۆ كاری سەربازی و ڕوبەڕوبونەوەی نەیارەكانیان دژ بەخەلافەتی عەبباسی و دەوڵەتی ئەیوبی.

## هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە:

هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە دەگەڕێتەوە بۆ خولیای توێژەر و هەوڵدان بۆ زیاتر ئاشنابون بە چالاكی و كاریگەرییەكانی توركەكەكان لە جیهانی ئیسلامیدا و دەرخستنی ڕۆڵگێڕانیان لە بوارەكانی سیاسی و سەربازیدا، هەروەها دەرخستن و گرینگیدانی دەستەڵاتداریی توركەكان لە هەردو سەردەمی عەبباسی و ئەیوبی، ئەمانە لە هەردو سەردەمەكەدا بەشێوەی كۆیلە كڕدران و هێنرانە ناو خەلافەتی ئیسلامی و لە دوایدا دەسەڵاتیان فراوان دەبێت و دەسەڵات وەردەگرن و دەبنە كۆمەڵەیەكی كاریگەر لە جیهانی ئیسلامیدا.

## ئامانجی توێژینەوەكە:

ئامانجی توێژینەوەكە تیشک خستنەسەر ڕۆڵی توركەكانە لەڕوی سیاسی و سەربازی لەماوەی دەسەڵاتدارییەتی (المعتصم بالله) و (الملک الصالح نجم الدین ایوب)دا، كە توركەكان لەو دو ماوەیەدا توانیان پێگەی خۆیان بە بەهێزی نیشانبدەن و ببن بە سەركردەی دیار و یەكلاكەرەوە لە ململانێكاندا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. مەبەست لێرەدا ئاشنابونە بەكۆیلە توركەكان دوای مردنی خەلیفە المعتصم بالله توانیان بەهێزبن و لە قۆناغی دوەمی عەبباسیدا، كە بە چاخی قەڵەمڕەوی توركی ناسراوە (٢٣٢- ٣٣٤ك/٨٤٧-٩٤٥ز) دەسەڵات بگرنەدەست و لە سەردەمەكانی دواتر دوای چەندان سەدە مەمالیكەكانیش لەدوای مردنی الملک الصالح نجم الدین ایوب كۆتایی بەدەوڵەتی ئەیوبی بهێنن و دەوڵەتی مەمالیكەكان لە (٦٤٨-٩٢٣ك/1250- ١٥١٧ز) دابمەزرێنن.

**مێتۆدی توێژینەوەکە:**

بەو پێیەی پەیوەندییەکی لەیەکچون و هەندێک جار کەمێک جیاواز لە نێوان میتۆدە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەکەدا هەیە، بۆیە هەوڵمانداوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پشت بە تاکە مێتۆدێکی زانستی نەبەستین، بەڵکو بەپێی پێویستی توێژینەوەکە زۆرترین کات پشتمان بەستوە بە میتۆدی بەراوردکاری هاوکات هەندێک جاریش پشتمان بەستوە بەمیتۆدی گێڕانەوەی ڕوداوەکان و میتۆدی وەسفی بەسودوەرگرتن لەسەرچاوە ڕەسەنەکان و ژێدەر و توێژینەوە زانستییەکان.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دو باسی سەرەکی، لە باسی یەکەمدا تیشکمان خستۆتە سەر هۆکارەکانی هێنانی ڕەگەزی تورک بۆ ناو خەلافەتی عەبباسی پێویست بونی خەلافەت بە تورکەکان لەلایەن خەلیفە (المعتصم بالله)، باسی دوەممان تەرخانکراوە بۆ پاڵنەرەکانی هێنانی مەمالیکە تورکەکان لە لایەن (الملک الصالح نجم الدين آيوب) وەکو شوێنگرەوەی سوپای ئەیوبی.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا سود لە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەر (المصادو المراجع)، وەرگیراوە، کە پەیوەندییدار بون بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، لێرەدا هەوڵی ئەوەمان داوە شیکردنەوە بۆ هەندێک لەو سەرچاوە ڕەسەن و ژێدەرانە بکەین کە سودێکی زۆریان بۆ توێژینەوەکەمان گەیاندوە گرینگترینان ئەمانەن، سود لەسەرچاوەی پەرتوکە مێژوییە گشتیەکان (الكتب التاريخية العام) وەرگیراوە وەکو پەرتوکی (تاريخ)ی (الطبری ت ٣١٠/ ١٢٣٢م) (الكامل في التاريخ)ی (إبن الأثير ت ٦٣٠هـ/ ١٢٣٢م)، (مفرج الكروب في أخبار بني أيوب)ی (ابن واصل ت ٦٩٧هـ/١٢٩٨م)، (النجوم، الزاهره في ملوك و مصروالقاهره)ی (ابن تغري بردي ت ٨٧٤ / ١٤٦٩م) ئەم سەرچاوانەش یەکێکن لەو سەرچاوە گرنگ و گشتییانە لە ڕوداوەکانی تەواوی جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی پوخت دواون جگە لەمانە هەندێک لە سەرچاوەی ژیاننامە و پەرتوکە سەربوردەکانمان بەکارهێناوە وەکو (سير أعلام النبلاء)ی (الذهبی ت ٧٤٨هـ/ ١٣٤٧م)، (الوافي بالوفيات)ی (الصفدی ت ٧٦٤ هـ/١٣٦٢م) و جگە لەمانەش پەرتوکە جوگرافییەکان و وڵاتناس و گەڕیدەکان (الكتب الجغرافيه) وەکو پەرتوکی (فتوح البلدان)ی (البلازری ٢٧٩هـ/٨٩٢م)، (كتاب البلدان)ی (اليعقوبی ت ٢٩٢هـ/ ٨٩٥ م)، (المسالک والممالک)ی (الأصطغری ت ٣٤٠هـ/٩٥١م)، (صوره الأرض)ی إبن حوقل (ت ٣٦٧هـ/ ٩٧٧م)، (معجم البلدان)ی (ياقوت الحموي ت ٦٢٦ هـ/١٢٢٩م)، ئەم سەرچاوانە زانیاری گرنگ و زۆرباشیان تێدایە بەتایبەتی لەسەر شوێنی وڵاتان و شارەکان و شوێنی جوگرافی ئاوەدانی دانیشتوان، هەندێک لە مێژونوسەکان هاوسەردەمی ڕوداوەکان بون و هەندێکی تریان سەرچاوەی باوەڕپێکراون و زانیاری باشیان دەربارەی ڕوداوەکان داوە وەکو (دراسات في التآريخ الإسلام)ی (فاروق عمر خوزي). جگە لەمانە سودمان لە چەندین ژێدەری دیکە و چەند توێژینەوەیەکی زانستی وەرگرتوە وەکو (نفوذ الآتراک السياسي في الخلافة العباسية)ی (توفق سلطان اليوزيکي).

**هۆکارەکانی هێنان و پشتبەستن بە تورکەکان لەلایەن خەلیفە (المعتصم باللە) و (الملک صالح نجم الدین آیوب)**

**باسی یەکەم: هۆکارەکانی هێنانی ڕەگەزی تورک لەلایەن خەلیفە (المعتصم باللە)**

سەرەتای دەرکەوتنی تورکەکان لە ناوچەی موسڵمانان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٣ک/٩ز)ی کاتێک تورکەکان وەک سەرباز و فەرمانبەر لەسوپا و دەوڵەتدا دەستیان بەکارکردن کرد (ابن الأثیر، 1995، ج٢، ٥٦٤-٥٦٦) تورکەکان لەسەر مەزهەبی سوننەبون بە پێچەوانەی فارسەکان، کە مەزهەبیان شیعە بوە (أمینە بیطار، ١٩٧٧، ٣٥٢) لەسەردەمی یەکەم خەلیفەی ئومەوی (معاویەی کوڕی ئەبوسۆفیان) لەنێوان ساڵانی (٤١-٦٠ك/٦٦١-٦٨٠ز) کاتێک وڵاتی (بوخارا) [١] فەتحکرا سوپای موسڵمانان سەرکەوت و گەیشتە شاری سمرقند، لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی وڵاتی ئەو دیوڕوبار کەوتە ژێر فەرمانڕەوای ئیسلامەوە، ئەو گەلانە ژیانیان لە ناو دەوڵەتی ئیسلامیدا بەسەردەبرد (علی محمد الصلابی، ١٩٨٦، ج1، ٢٥)، کاتێک موسڵمانان دەستیان بەسەر ڕۆژهەڵاتدا گرت لە وڵاتی ئەو دیوڕوبار زیاتر تێکەڵ بە ئومەوییەکان بون بەتایبەت ئەوکاتەی لەلایەن (قتیبة کوری موسلیمی باهیلی)[٢] و سەرکردەکانی تری عەرەبەوە خاکەکەیان داگیرکرا و جەنگ لەنێوان تورکە کۆچەرییەکان و موسڵماندااندا سەریهەڵدا موسڵمانەکان نەیانتوانی سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە بەسەر تورکەکانی ئەم ناوچەیەدا بەدەستبهێنن (توفیق سلطان الیوزبکي، ١٩٩٨، ٢٣٩)، ئومەوییەکان یەکەم کەس بون تورکەکانیان وەکو کۆیلە هێنایە ناو خەلافەتی ئیسلامی بەتایبەت ئەوکاتەی سەرکردەکانی موسڵمانان لە سوپای فەتحکردنەکاندا بون داوای یارمەتیان لە تورکەکان کردوە دوای فەتحکردنی سەمەرقەند (٨٧ک/٧١٠ز) قتیبة کوڕی موسلمی باهلی نزیکەی سێ هەزار تورکی هێنایە ناو خەلافەت لە کاتێکدا (نصری کوڕی سیار)[٣] هێرشی کردە سەر ئەو دیو ڕوبار بە سوپایەکی زۆرەوە، کە ژمارەیان هەزار کەس دەبو لە خەڵکی بوخارا و سەمەرقەند و کیش پشتیان بەو تورکانە دەبەست بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی دەوڵەتی خەلافەت لەگەڵ ئەو بزوتنەوە دەرەکیانە دژ بە خەلافەت (توفیق سلطان الیوزبکی، ١٩٩٨، ٢٣٩-240)، دوای فەتحکردنی وڵاتی ئەودیو ڕوبار تورکەکان لە ژێر سایەی دەوڵەتی عەبباسیدا گەیشتۆنەتە مافەکانیان وەکو بەرزترین پلەی سەربازی (الأصطخری، د-ت، ١٤٩)، بەشێوەیەک کە هیچ ڕەگەزێک لەو سەردەمەدا بەو پلە سەربازییانە نەگەیشتوە لە ژێر سایەی موسڵمانەکاندا بەشداربون لەسەرباز و شەڕەکانی ئەو دیو ڕوبار، دەستیان بە شێوازی فەرمانڕەوایی خۆیان کردوە لە هاوپەیمانیدا بون لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا، کە دەسەڵاتی گەورە و فراوانیان لە دەستدا بو (حسن احمد محمود، ١٩٩٥، ٣١٧)، هۆکاری زیادبونی تورکەکان لە بەغدا جۆراوجۆر بو وەکو بەدیلگیران لەلایەن موسڵمانە ڕزگارکەرەکانەوە یان فرۆشتیان وەکو کۆیلە لە بازاڕی کۆیلەکاندا، یان لە ڕێگای نێردەی شارو هەرێمە تورکەکان لە چوارچێوەی ئەم نوێنەرانەی دوای فەتحکردنی وڵاتەکانیان دەهاتنە بەغداد بۆ باشترکردنی ژیانیان، وڵاتی ئەو دیو ڕوبار، بەتایبەتی (سمرقند) گەورەترین بازاڕی کۆیلەی سپی پێست بو، داواکاری خەلیفە بۆ ئەو کۆیلانە لە زیادبوندا بو، بەهۆی تایبەتمەندی سەربازیان، چونکە گونجاو بون بۆ کارکردن بەتایبەت بۆ پاسەوانیکردن لە خەلیفە (ابوجەعفەر منصور) (١٣٦-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز) یەکەم کەس بو، کە تورکەکانی وەکو پاسەوان لەناو شاری بەغداد بەکارهێنان و بۆ کاروباری مەدەنی پشتی پێبەستن. (المسعودي، ٢٠٠٥، ج٣، ٢٩٢؛ جرجی زیدان، ١٩٧٣، ج٤، ١٧٧؛ عصام الدین عبدالرزاق، ١٩٩٥، ٢١٣- ٢١٤)، مێژونوس الجهشیاری دەڵێت "خەلیفە منصور فەرمانی بە (حماد الترك)[٤]کردوە، کە یەکێک بوە لە کارمەندە باڵاکان بۆ کۆکردنەوەی باج لە (سواد)[٥] ئەمە ڕێگایەکی ڕونە بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی تورکەکان لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسی (الجهشیاری، ١٩٣٨، ١٣٤)، دوای ئەو لەسەردەمی خەلیفە المهدي (١٥٨ - ١٦٩ ك، ٧٧٥ - ٧٨٥ز) ژمارەیەک تورکی

هێنا بەڵام سنوردار بو (العسكری، ١٩٦٦، ٢١٧)، لە دوای ئەویش لەسەردەمی خەلیفە هارونە ڕەشید (١٧٠ - ١٩٣ك/٧٨٦ - ٨٠٩ز) تورکەکان دەستیان بەزیادبون کرد و لە کۆشکی هارونە ڕەشیددا چەند سەد خزمەتکارێکی تێدابو (الطبري، ١٩٧٥، ج٥، ٤٢؛ عبدالباری محمد الطاهر، ١٩٨٩، ١٢٨- ١٣٢؛ احمد مختار العبادی، ٢٠٠٢، ١٢٣)، بەم شێوەیە تورکەکان توانیان بێنە ناو ژیانی موسڵمانان و لەسەر گۆڕەپانی ڕوداوەکان دەربکەون، خەلیفە (المآمون)یش (١٩٨ -218ك/٨١٣- ٨٣٣ز) لەسەرەتادا جەنگاوەری تورکی بەکارهێنا، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا (حسن أحمد محمود، ١٩٩٥، ٣١٧)، دواتر خەلیفە (المعتصم بالله)(٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣- ٨٤٢ ز) بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستی بەهێنانی تورکەکان کرد و بەکاریهێنان و پشتیپیبەستن و یەکەم خەلیفەی عەبباسی بو، کە تورکەکانی هێنایە ناو دیوان پاشان پۆستی باڵای دەوڵەتی بۆ دیاریکردن و دیاری و ڕزق و ڕۆزی پێبەخشێن ناوی نا (دیوان جند)[٦] واتە دیوانی سەربازی دواتر شاری سامەڕای بۆ دروستکردن بۆ ئەوی زیانەکان لەشاری بەغداد ڕابگرێت (الطبري، ١٩٧٥، ج٩، ١٨)، خەلیفە (المعتصم بالله)بەتەواوی پشتی بە کۆیلە تورکەکان بەست، لەبەرئەوەی بە لێهاتوی جیادەکرانەوە و ئەزمونیان هەبو لە هونەرەکانی ئەسپسواری و شمشێر بازیدا، بۆیە المعتصم بالله گروپی جۆراوجۆری لە تورکەکان هێنا بۆ ناو خەلافەت دوایی المعتصم بالله خەلیفەکانی تریش توانیان پشتیان پێ ببەستن بۆ نەهێشتنی نەیارەکانیان لە هۆزە عەرەبەکان ئەم تورکانە بونە ڕەگەزێکی سەرەکی شوێنی عەرەب و فارسەکانیان گرتەوە (الیعقوبی، ١٤٢٢م، ٢٩-٣٠؛ ابن الأثیر، ١٩٩٥، ج٦، ٨٠- ٨٥)، تورکەکان بە چەند ڕێگایەک هێنرانە ناو خەلافەتی عەبباسی، کە (المعتصم بالله) خەڵکی بە تایبەتی دەنارد بۆ کڕینی کۆیلەی نەژاد سپی تورک یان لە ڕێگەی بەدیلگرتن لە جەنگەکاندا دەهێنران هەندێک جاریش والییەکان وەکو دیاری ئەو کۆیلانەیان بۆ خەلیفە دەنارد (مصطفی عباس الموسوی، ١٩٨٣، ١٤٤)، جگە لەمە دایکی خەلیفە المعتصم بالله تورک بو ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بو بۆ نزیکبونەوەی خەلیفە لە تورکەکان، هەروەها تورکەکان جەنگاوەری ئازاو چاو نەترس و بەهێزبون، دەیانتوانی لە بارودۆخی دژواریشدا بژین و ئارامبگرن سەرەڕای ئەوەی بە گیانێکی سەربازی بەهێزەوە دەجەنگان، ئەوەش پەیوەندی بە خودی کەسایەتی المعتصم بالله هەبو، کە خودی خۆی سوارچاك و خاوەن لاشەیەکی بەهێز و شارەزا بوە لە کاروباری جەنگدا خۆی ئارەزوی هەبوە لە هێنانیان (احمد عبدالباقي، ٢٠٠٧، ج١، ٤٦٣-٤٦٧)، سەرەڕای ئەو هۆکارانەی باسمانکرد المعتصم بالله شارەزایی لەسەر پێشینەی ئەو تورکانە هەبوە بەر لەوەی دەسەڵاتی خەلافەت بگرێتە دەست لەلایەن (المآمون)ی برایەوە نێردراوە بۆ سمرقند بۆ لای (نوح کوری اسد)[٧]، تا چەند کۆیلەکی تورکی لێبکرێت و لەگەڵ خۆیدا (سێ هەزار)، کۆیلەی تورکی بۆ دەوڵەتی خەلافەت هێنا (الیعقوبی، ١٤٢٢م، ٢٥٤)، ابن حوقل دەڵێت"زۆربەی زۆری ئەو کۆیلانەی، کە بۆ پاسەوانی و پاراستنی خەلافەت هێنران ئەوانە بون لەسەمەرقەند پەروەردەکرابون، چونکە ئەوێ سەرچاوەی باشی کۆیلە بو" (١٩٩٢، ٤٠٧)، بەڵام المسعودي دەڵێت "المعتصم بالله زۆر باوەڕو متمانەی بە تورکەکان هەبو، بۆیە چوار هەزاری لە تورکەکان کڕیوە" (٢٠٠٥، ج٤، ٤٨)، کاتێک (المعتصم بالله) لە ساڵی (٢٢٧ك/ ٨٤١ز) کۆچی دوای کرد نزیکەی هەشت هەزار کۆیلە و هەشت هەزار کەنیزەکی لە دوای خۆی جێهیشتوە (الدمیري، ٢٠٠٦م، ج١، ١١٨).

هەندێک لەسەرچاوەکان دەڵێن نزیکەی (حەفتا هەزار) کۆیلەی تورکی هێناوە (القرمانی، د-ت، ١٥٧)، المعتصم بالله یەکەم خەلیفە بو تورکەکانی لە بواری سەربازی بەکارهێناوە بەجۆرێک هیچ خەلیفەیەک بەئەندازەی ئەو کۆیلەی نەبوە و دەسەڵاتی سیاسی پێنەدابون. (نظام الملک، ٢٠٠٧، ٨٧)، جگە لەوەی بەشداری سەربازیان کردوە پۆستی کارگێڕی و بەڕێوەبردنیشیان پێدراوە (إبن حوقل، ١٩٩٢، ٢٨٧)، (حسام الدین السامرائي، ١٦)، المعتصم بالله ئەوەندە

بڕوا و متمانەی پێیان هەبوە تەنانەت ئەرکی پاراستنی و پاسەوانی کۆشکی خەلافەتی پێسپارد بون، نمونەشمان بۆ ئەو بابەتە ئەوەیە کەسێکی وەکو (وصیف الترکي) (٢٥٣ك/٨٦٧ز)کردۆتە پەردەدار یاخود دەرکەوانی خۆی (إبن العمراني، ١٩٩٩؛ ١١٠، هل دی، ١٩٥٦، ٧٥)، بەو کۆیلە پاسەوانە تایبەتیانەی دەور و پشتی خەلیفە پێیان دەگوترا (الأستاذین)[٨] (ناصر خسرو، ١٩٤٥، ٥٣)، هۆکارێکی تری هێنان و پشت بەستنی (المعتصم بالله) بە تورکەکان زیادبون و دەرکەوتنی مەترسی فارسەکان بو لەسەر دەسەڵاتی خەلیفە و پێگەی خەلافەت، چونکە لەسەردەمی عەبباسی یەکەمدا بەڕێوەبردنی زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەتی خەلافەت لە دەست فارسەکاندا بو (أحمد امین، ٢٠٠٨، ٣٢)، بۆیە (المعتصم بالله) بینی فارسەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە بەڕێوەبردنی لایەنی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی خەلافەتدا هەیە بۆیە بەهێنانی تورکەکان هەوڵیدا سنورێک بۆ مەترسی زیادەڕۆی و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی فارسەکان دابنێت (فاروق عمر فوزی، ١٩٧٣، ١٥٧)، کاتێک گفت بە المآمون درا (سەد هەزار) لە فارسەکان ئامادەی بون (البیهقی، ١٩٧٠، ١٤٩)، یەکێکی تر لە هۆکاری هێنانی تورکەکان بۆ ئەوەبوە تا بیانخاتە ڕیزی سوپا و خزمەتی سەربازیان پێبکات یاخود ژمارەی سوپاکەی پێ زیادبکات (علی محمد الصلابی، ٢٠٠٥، ٤٨٤)، لەلایەکیترەوە بۆ ئەوە پشتی پێبەستون هەر کاتێک خەلافەت لەلایەن لەشکری ڕۆمەکانەوە هێرشی بۆ کرابا، ئەو لەشکرێکی بەتوانا و ساز و ئامادەکراوی هەبێت تا لە جەنگی بەرەنگاربونەوەی دژی نەیارەکانی بەشداریان پێبکات (موفق سالم نوری الجواد، ١٩٨٦، ٣٠٠)

یەکێک تر لە هۆکارەکانی هێنانی تورکەکان ئەوەبو نامۆبون پەیوەندییان بە هیچ بەهۆز و کەسایەتیەکەوە نەبوە، ئەمەش وا دەکات بۆ خەلافەت دڵسۆزبن بە پێچەوانەی عەرەب و فارس، کە هەڵگەڕانەوەیان هەبو (فاروق عمر فوزی، ٢٠٠٣، ٢٦٠ - ٢٦١)، ئەمەش لە ململانێ (الآمین) و (المآمون) (١٩٥ك/٨١١ز) بە ڕونی دیارە (ابن خلدون، ٢٠٠٦م، ج٣، ١٢٢)، هەروەها تورکەکان لەبەر هەژاری و نەداری منداڵەکانی خۆیان فرۆشتوە (الجاحظ، ١٩٦٤، ج1، ٦٦)، یاخود میرو دەسەڵاتدارەکانی ناوچەی تورکنشینەکان لەبری باجی ساڵانە ناردویانن بۆ خەلافەت، چونکە لە خۆراسانەوە ساڵانە (دو هەزار) کۆیلەی تورک بەرامبەر باجی ساڵانە نێردراون (المقدسي، 1991، ٢٢٦)، ئەم کۆیلانە لەبری شەش هەزار درهەمی ساڵێک خەملێنراون (أبن خرداذبة، ١٩٨٩، ٤٦٥)، بەم جۆرە تورکەکان توانیان پێگەی خۆیان لە ناو خەلافەتی عەبباسیدا بەهێز بکەن و هەتاکو سەردەمی عەبباسی دوەم (٢٣٢- 2٣٣ك/ ٨٤٧- ٩٤٥ز)، توانیان فەرمانڕەوای دەوڵەتی عەبباسی بکەن بونە مەترسی بۆ سەر خەلافەت لە دانان و لادانی خەلیفە و کوشتیان هەتاکو هاتنی سەردەمی سێیەمی عەبباسی کە بەسەردەمی بوەیهییەکان ناسراوە (٣٣٤-٤٤٧ك- ٩٤٥- ١٠٥٥ز) بەردەوام بون.

پێویستبونی خەلافەت بە تورکەکان وایکرد لە دوای مردنی المآمون (٢١٨ك/ ٨٣٣ز) و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن المعتصم بالله ئەو گیروگرفت و بزوتنەوانەی لەسەردەمی المآمون نەتوانرا چارەسەربکرێن هەمو ئەمانە بۆ المعتصم بالله بەجێمان، ئەویش لەسەر وەسیەتی المآمونی برای توانی جێبەجێیان بکات و توانی بەسەر هەمو ئەو کێشە و بزوتنەوانەی لە ناوخۆ و دەرەوەدا کە سەریانهەڵدابو زاڵ بێت بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بە کۆیلە تورکەکان بەست، چونکە لەم کاتەدا خەلافەت پێویستی زۆری پێیان هەبو بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو بزوتنەوە یاخیبوانەی دژی خەلافەت پیلانیان دەگێڕا، بۆیە خەلیفە المعتصم بالله توانی فەرماندەی تورک (ئەفشین)[٩] بکاتە سەرکردەی ئەو سوپایەی کە بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەی (بابکی خورەم)[١٠] دابنابو.

دوای ئەم ململانێیانە، ڕۆڵی ئەفشین زیاتر بەدیارکەوت بەتایبەت لە ڕوبەڕوبونەوەی لە کێشە دەرەکییەکان دژ بە بێزەنتییەکان لە داگیرکردنی (عاموریە)[١١] بەسەرکردایەتی (تیوفل کوڕی میخائیل)[١٢] ئەفشین سەرکردایەتی هەمو ئەو

شۆڕش و ڕاپەڕینانەی دەکرد، کە لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا ڕویان دەدا. (الذهبي، ٢٠٠٤، ٢٥٣، خالید عزام، ٢٠٠٩، ١٤٦؛ فاروق عمر فوزی، ١٩٧٣، ج٢، ٢٢٧)، لە کاتێکدا سوپای بێزەنتییەکان هێرشیان کردە سەر شاری (زبطرة)[١٣]، کە شوێنی لەدایکبونی دایکی خەلیفە المعتصم بالله بو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەو شارەیان کوشت و ژمارەیەکیان لێ بەدیلگرت ئەم شارەیان وێرانکرد کاتێک المعتصم بالله ئەم هەواڵەی بیست زۆر دڵگران و نارەحەت دەبێت یەکسەر هەڵدەستێت سوپاکەی کۆدەکاتەوە خۆی بۆ جەنگ ئامادەدەکات کەرەستەیەکی یەکجار زۆر کۆدەکاتەوە بەجۆرێک هیچ خەلیفەیەکی پێش خۆی ئەو جۆرە ئامادەکارییەی بۆ جەنگ نەکردوە، وەکو ئامێری جەنگ و حەوزی چەرم و حوشتر و پێستەی ئاو و ڕۆن و ئامێری ئاسن و ئاژەڵی لەگەڵ خۆی برد (الطبري، ١٩٧٥، ج٩، ٥٦؛ سبط ابن الجوزی، ١٩٥١، ج٩، ٤٢٢)، ئامادەباشیکراو بە ڕێکەوتن نمایشێکی سوپاکەی کرد، کە فەرماندەی تورک (آشناس)[١٤]ی لە پێشەوە دانا بو لە لای ڕاست فەرماندەی تورک (إتياخ)[١٥] و لە لای چەپ (جەعفەری کوڕی دینار)[١٦]، کە فەرماندە بوە لە خەلافەتی عەبباسی لە کۆتایی (سەدەی ٢ک/١٠ز) و لایەنگری خەلیفەی (المآمون) بوە لە کاتی ململانێ لەگەڵ (الآمین)ی برای. ناوبراو وەک یەکێک لەو سەرکردە سەربازییانەی کە لە بەغدا و دەوروبەری پۆستی ئەمنی و سەربازیی هەبوە و لە دوای کوشتنی (الآمین) لە ساڵی (١٩٨ک/٧١٧ز) بەشداریی کردوە لە چەسپاندنی دەسەڵاتی (المآمون)دا (الطبري، ١٩٦٧، ج٨، ٥٤٨)، هەروەها (عجیف کوڕی عنبسە)[١٧]، کە لە نێو فەرماندە سەربازییەکانی عەبباسیدا، لە کاتی ململانێی نێوان (الآمین و المآمون)دا ناوی دەرکەوت و یەکێک بو لەو سەرکردانەی کە بەشداری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی پاڵپشتی (المآمون)ی کرد (اب الآثیر، ١٩٨٧، ج٦، ١٥)، کاتێک خەلیفە سوپاکەی گەیشتە ناوچەی (سروج)[١٨] سوپاکەی کرد بە دو بەشەوە و بەشی یەکەمی خستە ژێر فەرماندەی ئەفشین و فەرمانی پێکرد لەشکرەکە بەرەو باکور و ئەنقەرە ببات و بەشی دوەمی لەژێر فەرمانی ئەودا مایەوە آشناسي لەگەڵ یەکێک لە سوپاکەی بە فەرمانی خەلیفە بەرە و ئەنقەرە بەڕێکەوت نەک بە هەمان ڕێگای ئەفشیندا، بەڵکو بە ڕێگایەکیتردا هەمویان وا ڕێکەوتن لە شاری ئەنقەرە یەک بگرنەوە (إبن مسکویە، ٢٠٠٢م، ج٤، ٢٢٦؛ ابوالفداء، ١٨٦٠، ج٢، ٣٧٨)، ئەفشین لە ڕێگایەکیترەوە بەرە و ئەنقەرە ڕۆیشت ئیمپراتۆریەتی بێزەتی هانبونە دەرەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو دو سوپایە لە جەنگێکی توند لە ساڵی (٢٢٣ك/٨٣٦ز) پێکدادان ڕویدا، ئەفشین شکستی گەورەی بە ڕێزەنتییەکان هێنا و تیوفل ڕایکرد بۆ قسطنطنیە (الطبري، ١٩٧٥، ج٥، ٢٤٢)، لە ئەنقەرە سوپاکە هەمو یەکیانگرتەوە و کۆبونەوە (ابوالفداء، ١٨٦٠، ج٢، ٣٧٨)، المعتصم بالله فەرمانی بە سوپاکەی کرد بەردەوام بن بەرە و عاموریە بڕۆن (الیعقوبی، ١٨٨٣، ج٢، ٤٣٦)، سوپاکە دەوری عاموریەیان داو خەڵکی عاموریە خۆیان بەهێزکرد (ابن العمراني، ٢٠٠١، ج٦، ١٠٧)، ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی نامەیەکی بۆ خەلیفە المعتصم بالله نارد داوای لێبوردن و ئاشتبونەوەی کرد بۆ ئەو کارەی بەرامبەر زەبطرە و مەلاتیا کردویەتی بەڵێن بە المعتصم بالله دەدا کە شارەکە ئاوەدانبکاتەوە و ئەو دیلانەی لە لای ئیمپراتۆریەتی بێزەنتین گیراون ئازادیان دەکات، بەڵام خەلیفە بە پێشنیازەکەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی ڕازی نابێت ڕێگای نەدا جارێکیتر بگەڕێتەوە عاموریە تا داگیری نەکرد وازی نەهێنا (الیعقوبی، ١٨٨٣، ج٢، ٣٤٧)، المعتصم بالله فەرمانی بە سوپای تورک کرد پەرت و بڵاوبن و تیربارانی شاری عاموریە بکرێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بو ئەو دیوارە بەرگرییەی بێزەنتیەکان دایان نابو و ڕوخێنرا، چونکە عاموریە دڵی بێزەنتییەکان بو وەکو قودس کە پیرۆزە لای موسڵمانان شوێنی لە دایکبونی ئیمپراتوری بیزەنتی تیوفل بو موسڵمانان چونە ناوی عاموریەوە فەتحیان کرد لە ساڵی (٢٢٣ك/٨٣٦ز) دوای گەمارۆکە (یانزە ڕۆژ)ی خایاند (المقدس، ١٩٩١، ٣٥٥)، بە یارمەتی فەرماندی تورک ئەفشین توانیان شاری عاموریە فەتحبکەن و بێزەنتیەکانی لێدەربکەن بەم جۆرە

تورکەکان ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە بۆ لەناوبردن بزوتنەوەی بابکی خوڕەمی و جەنگەکەیان دژی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی، کە دژی خەلافەت ئەنجامیان دابو.

**باسی دوەم: پاڵنەرەکانی هێنانی مەمالیکە تورکەکان وەکو شوێنگرەوەی سوپای ئەیوبی لەلایەن الملک الصالح نجم الدين ايوب.**

پێش ئەوەی باس لە دەرکەوتن و هێنانی مەمالیکە تورکەکان بکەین لەسەردەمی هاتنە سەر دەسەڵاتی الملک الصالح نجم الدين آيوب، پێویستە بزانین مەمالیک تورکەکان کێن، کاتێك مەمالیکەکان دەسەڵات دەگرنە دەست کۆتایی بە دەوڵەتی ئەیوبی هاتو و سەردەمێکی نوێ دەستپێکرد، کە سەردەمی دەرکەوتنی مەمالیکەکانە(٦٤٨-٩٢٣ك/١٢٥٠-١٥١٧ز) سەردەمی مەمالیک سەردەمێکی فراوانە لەگەڵ فراوانییەکەشدا سەردەمێکی پرشنگدارە لە مێژوی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەوڵەتی مەمالیک درێژەپێدەری دەوڵەتی ئەیوبییە لە ڕوی ڕەچەڵەکەوە مەمالیکەکان ئەو کەسانە بون، کاتی خۆی لە وڵاتی (قەفجاق)[١٩] و ناوچەکانی قەزوین وەکو مەمالیک کڕدران و هێزان بۆ وڵاتی میسر (شفيق جاسر أحمد محمود، ١٤٠٩هـ، ١٢٠) ئەگەر بمانەوێت بنەچەی مەمالیکەکان بزانین، دو ڕاوبۆچونی جیامان هەیە، کە یەکێکیان دەڵێت "مەمالیکەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوای خەلیفەی فاتمی (العزيز باالله)، (٣٦٥-٣٨٦ك/٩٧٥-٩٩٦ز) لەمیسر دەرکەوتن"، بۆچونێکی تریان دەڵێت: "مەمالیکەکان ئەوانەن لەلایەن الملک الصالح نجم الدين آيوب لە قەفقاس و ئاسایی بچوک هێنراون بۆ میسر" بەپێی ئەو بۆچونانە، بنەچەی مەمالیکەکان لە (تورک، ڕۆم، ئەوروپا، چەرکەسی) پێکهاتون (قادر اسحاق ناتخو، ٢٠٠٩، ١٦٥)، لەڕوی ڕەگەزەوە هەندێکیان تورک و هەندێکان مەغول و چەرکەسی و میسرین و تەنانەت ئیسپانیشیان لە نێودابوە (ابن تغري بردي، ١٩٩٢،ج٦، ١٥)

بەم شێوەیە هەندێک لە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان لە شوێن و ناوچەیتر دەیانهێنان و بەشێوەیەکی تایبەت پەروەردەیان دەکردن، بۆ ئەوەی قورسترین کار و ئەرک لە ئەستو بگرن، دواتر پلەی بەرزیان وەرگرت لەسوپادا، توانیان دەست بەسەر میسرو بەشێک لە شام و حیجاز و هەندێک ناوچەی تردا بگرن بۆماوەی نزیکەی سێ سەدە فەرمان ڕەوایان کردوە (شفيق جاسر أحمد محمود، ١٤٠٩، ١٢٠).

مەمالیکەکان ئەو کۆمەڵە کۆیلانەبون، کە لەلایەن الملک الصالح نجم الدين آيوب لە بازاڕەکانی کۆیلەفرۆشی لە قەفقاز، ئاسیای بچوک، لەکەنار ئاوەکانی دەریای ڕەشدا بەرە و نیمچە دورگەی قەرم لەوێشەوە بەرەو کەنداوی قسطنطینە و بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست دەهێنران و ئینجا لەبەندەری ئەسکەندەرییە، گیرساونەتەوە و بەرە و میسر هێناویانن (علی محمد الصلابي، ٢٠٠٥،٣٤٧-٣٤٨)، بە تیرە و نەوەی ئەو سەربازانە گوتراوە، کە فەرمانڕەوای میسر و شام و عێراق و هەندێ بەشی دورگەی عەرەبیان کردوە لە ساڵی (٦٤٨-٩٢٣ک/١٢٥٠-١٥١٧ز) قاهیرەیان کردوە بە پایتەختی خۆیان و بە دو ماوە فەرمانڕەوای میسریان کردوە ئەوانیش مەمالیکی بەحری (دەریایی) لە ساڵی (٦٤٨-٧٨٤ك/١٢٥٠-١٣٨٢ز) لەگەڵ مەمالیک بورجی چەرکەس (٧٨٤-٩٢٣ك-١٣٨٢-١٥١٧ز) (دوریيەعونی و ئەوانی تر، ٢٠١٣، ٧٧)، مەمالیک وشەیەکی عەرەبیە لە کوردیدا بەواتای کۆیلە دێت لەڕیزی ئەو کۆیلانەبون، کە لەسەردەمەکانی کۆمەڵگە دێرینەکاندا کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە وەکو چۆن لە پێشتر لەسەردەمی ئومەوییەکان و خەلافەتی عەبباسیدا ڕۆڵیان هەبوە لەسەردەمی ئومەوییەکاندا کۆیلە تورکەکان لەخزمەت سەربازییدا بەکارهێنراون. هەر وەکو لە پێشوتر ئاماژەمان پێدا، کە (نصری کوڕی سەیار) والی ئومەوی بو لە خۆراسان نزیکەی هەزار کۆیلەی تورکی کڕی و چەک و ئەسپی پێدان و وڵاتی ئەودیو ڕوبار بە سەرچاوەی سەرەکی کۆیلەی تورکی دادەنرێت لەم سەردەمەدا ئەم کۆیلانە

جگە لە خزمەتی سەربازی لەزۆربەی کاروباری دەوڵەتیشدا کاریان پێسپردرا بو (علی محمد الصلابی، ٢٠٠٥، ٣٤٠) لە وڵاتانی تورک هێنابویان، کە دەکەوێتە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا و هەندێک شوێنی ئەو دیوڕوبار دەسەڵاتداری ئیسلامی بۆ چەند کارێک بەکاریاندەهێنان وەک کارگێڕی و سوپا مەشق پێکردنیان (جمال الدين الشيال، ١٩٩٧م، ج١، ١٤٥) سوڵتانەکانی ئەیوبی ئەو مەمالیکانەیان دەکڕی (إبن دقماق، د-ت، ٩٨) مەمالیک لە ڕوی چەمکی مێژویەوە بەواتای کومەڵێک کۆیلەی سپی پێست دێت، چونکە زۆربەی ئەو مەمالیکانە سپی پیست بون (سعيد عبدالفتاح عاشور، ١٩٦٥، ١) سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان لە پێشوتر ئاماژەمان پێدا بۆ سەردەمی (آبو جعفري المنصور) دەگەڕێتەوە ئەم دیاردەی هێنایە ناو دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە لەسەردەمی ئەم خەلیفەیەدا دەسەڵاتی فارسەکان پەرەی سەندبو بەشێوەیەک تەرازوی سیستەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە المآمون بەلای فارسەکاندا دەشکایەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگی فەرمانڕەوایی لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، دەستی کرد بەکڕینی ئەو کۆیلە تورکانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی سوپایەکی سەربازی بەهێزی لێ دروستکردن (ئاراس فەریق زینەڵ، ٢٠١١، ١٩٥-١٩٦) دوای ئەو المعتصم بالله یەکەم کەس بوە، زۆرترین تورکی هێنایە ناو دەوڵەتی عەبباسیەوە بەم جۆرە هەتاکو چەندان سەدە هێنانی تورکەکان بەردەوامیان هەبو. درێژەی کێشا بۆ سەردەمی ئەیوبییەکان کاتێک سوڵتان صلاح الدين ئەیوبی دەوڵەتی ئەیوبی دامەزراند لە ساڵی (٥٧٠-٦٤٨ك/١١٧٤-١٢٥٠ز) دەسەڵاتەکانی لە (میسر، شام، جەزیرە، حەمما، حمصی، بەعلەبەک، کەرەک، حصن کیفا، ئامەد)یان بەدەستەوە بو.(عباس عمر محمد، ٢٠١٠، ٩)

سوڵتان صلاح الدين، هەستا بە کڕینی ژمارەیەکی کەم لەو مەمالیکە تورکانە بە تێپەڕبونی کات دوای الملك صلاح الدين سوڵتانەکانی تریش هەستان بەکڕینی مەمالیکەکان بەردەوامیان بەکڕینی کۆیلەدا ژمارەیەکی زیاتریان کڕی (جمال الدين الشيال، ١٩٩٧، ج١، ١٤٥)، دوای ئەو ئەشرەف المعظم (٥٧٦-٦٢٤ك) ژمارەیەکی کڕین دوای سوڵتان كامل محمد (٦١٥-٦٣٥ك) ژمارەیەک لە کۆیلەکان کڕی دواتر سوڵتان عادلی کوڕی کامل (٦٣٥-٦٣٦ك) بەهەمان شێوەی سوڵتانەکانی تری پێش خۆی ژمارەیەکی لێ کڕین (إبن دقماق، د-ت، ٩٢)، دواتر کڕینی مەمالیک بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد، لەسەردەمی الصالح نجم الدين آيوب یەکەم کەس بوە، لە بنەماڵەی ئەیوبییەکان، کە زۆرترین مەمالیکی کڕی لە ساڵی (٦٣٧-٦٤٧ك، ١٢٣٩-١٢٤٩ز) دەرکەوتنی مەمالیک بەشێوەیەکی بەرچاو لێرەوە دەستپێدەکات ژمارەیەکی زۆری کۆیلەی لە هۆزە تورکەکان هێنا بۆ میسر و لە دەوری خۆی کۆیکردنەوە و خزاندنیە نێو ڕیزەکانی سوپا و پلە و پایە و پۆستی سەربازی زۆری پێبەخشین (اليونيني، ١٩٩٢م، ١٨٦؛ الحنبلي، ١٩٧٩، ١١٣)، زۆربەی ئەو فەرماندە، سەربازیانە لە مەمالیکەکان بون (أبوالفداء، ١٣٢٥، ١٧٦)، زیاتر لە هەزار مەمالیکی کڕی (محمود ياسين أحمد التكريتي، ١٩٨١م، ٣١٢)، ئەو مەمالیکانە هەر لەسەرەتاوە بەنیازی ڕاهێنان لەسەر جەنگ و ئەنجامدانی کاری سەربازی دەهێنران زۆرجار لە تەمەنی منداڵیەوە دەکڕدران و لەسەر شێوازی سوراچاکی و هێرشکردن و جەنگ ڕادەهێنران، ئەو کۆیلانەی دەکڕدران زیاتر تورک و قەفقازی و مەغۆلی و ڕۆمی بون، دواتر فێری ئاینی ئیسلام دەکران ئینجا ئامادەدەکران بۆ ڕاپەڕاندنی کاری سەربازی، وردەوردە ژمارەیان زیادیکرد لە هەمو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەشداربون هەتا وای لێهات بونە خاوەن پلەوپایە و لە کۆتایدا دەوڵەتی مەمالیکیان دامەزراند، دەوڵەتی ئەیوبی و دەوڵەتی مەمالیک لە دوکاتی زۆر گونجاو هاتنە بون ئەیوبییەکان بونە بەربەستێکی گەورە بە ڕوی خاچ دروشمەکان، ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیان لە خاچ دروشمەکان ڕزگارکرد، مەمالیکەکانیش ئەو پەلاماردانە فراوانەی مەغۆلەکانیان سنوردار کرد و پاشەکەشیان پێکردن، کە مێژوی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەبینیوە.(سەرباز محمد حسن، ٢٠٢٠ز، ٣١٠-٣١١).

هۆکارەکانی پشتبەستنی الصالح نجم الدین آیوب بەهێنانی مەمالیکەکان جۆراوجۆربون وەکو مەمالیکەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا شوێن و پایەی بەرزییان هەبو، لە ڕوی وەفاداری و دلێری و چاکی و قەد و قیافە و جوانی بەژن و باڵایان و ئازایەتییان لە جەنگەکان و دڵسۆزیان بۆ الملک الصالح نجم الدین آیوب ئەمەش وایکرد، کە پشت بەو مەمالیکانە ببەستێت (أحمد مختار العبادی، ٢٠١٠، ١٢) زۆربەی ئەو کۆیلانە لە ڕێگەی بەدیلگرتن جەنگەکان، یان لە ڕێگەی کڕین لە ڕۆژانی ئاشتیدا دەهێنرانە ناوکۆمەڵگەی ئیسلامی وەک خزمەتکار و پاسەوان بەکارهێنران هێندەی نەبرد هەرێمەکانی ئەو دیو ڕوبار واتە ڕوباری جەیحون وەک خوارزم، شاش، ئەشقەند، أشروسنە، فرغانة، سەمەرقەند، بوخارا بون بە چەند مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی مەمالیکە تورکەکان دوای ئامادەدەکران و بە بەپەروەردەیەکی سەربازی و ئیسلامی، دواتر دەهێنران لە لای والییەکانی ئەو هەرێمانە بەشێوەی دیاری هەندێک لەو کۆیلانەیان بۆ سوڵتانەکانی ئەیوبی یان وەزیرەکانی دەنارد سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن ئەو مەمالیکە تورکانە یەکەم جار لە ڕێگای جەنگ، یان کڕینەوە دەهێنرانە ناوکۆمەڵگەی ئیسلامییەوە وەک کۆیلەکانیتر لە کارەکانی پاککردنەوەی ماڵ و سەرپەشتیکردنی ئاژەڵ و کاروباری لەو جۆرە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەدەکرا، بەڵکو پایەکانی دەسەڵات و سەرکردایەتی ناو دەوڵەتیان دەگرتە دەست (آحمد مختار العبادی،٢٠١٠، ١٣) مەمالیکەکان دەوڵەتێکی ئیسلامیان دامەزراند و میسر و شامی گرتەوە و ئەزمونی خۆیان بەسەر حیجاز و یەمەندا سەپاند. الملک الصالح آیوب لەژێر سایەی ئەو ناکۆکی و پشێوی و بەهێزانەی پەیوندەییەکانی نێوان ناوچە جیاجیاکانی ژێر دەسەڵاتی داگرتبو ناچاربو پەنا بۆ مەمالیکە تورکەکان ببات و دەستەدەستە دەیان کڕین تاپشتیان پێ ببەستن، الصالح آیوب لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا بەیەکجار هەزار کۆیلەی لە هەرێمی تورکستان و خوارزم و ناوچەکان باکوری دەریای ڕەش و دەریای قەزوین و شوێنی تریش هێناون خستنیە ڕیزی سوپاوە و کار بەوە گەیشت ڕەگەزی تورک لە نێو سوپای ئەیوبیدا بوە زۆرینەی بەرەچاو و هێزێکی سەربازی و سیاسی لێ دروستکردن ئەمە وای کرد پشت بە تورکەکان ببەستێت و پشت لە کوردە ئەیوبییەکان بکات (المقریزی، ١٩٧٧، ج١، ٣٣٩-٣٤٠).

الملک الصالح آیوب توانی ئەو مەمالیکانە لە کێشە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا بەکاربهێنت. گۆڕانکاری زۆری لە پێکهاتەی سوپاکەی کرد، توانی ژمارەیەکی زۆری تورکەکانی خوارزم بهێنێتە ناو سوپاکەی کە لە ناوچەکانی باکوری دەریای ڕەش و قەزوین هاتبون ئەم تورکە خوارزمیانە دوای ئەوەی بەهۆی هێرشی مەغۆلەکانەوە هاتبون الملک الصالح آیوب توانی بۆ لای خۆی ڕایانبکێشێت و لە چەندین ململانێدا بەکاریانبهێنیت، چونکە ئەمانە هێزێکی ئازا و چاونەترس بون بەتایبەتی لە ململانێ لەگەڵ مامیدا (الصالح اسماعیل)دا و توانیان پشتیوانی باشی الصالح نجم الدین آیوب بکەن ئەوانەی هاوکارییانکرد ژمارەیان (دە هەزار) سواربون، بەسەرکردایەتی (حسام الدین برکەخان، خان بروی، صارخان و کشلوخان) (ابن واصل، ١٩٥٧م، ج٥، ٣٣٦)، پێگەی زۆریان هەبو لە سوپادا ئەمانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبو لەسەر خستنی الصالح نجم الدین آیوبدا. توانیان (بدرالدین لؤلؤ)[٢٠] فەرمانڕەوای موسڵ تێدا تێکبشکێنن لە کاتی ململانێ لەگەڵ الصالح اسماعیلدا کاتێک گەمارۆیاندا لە قەڵای سنجار (أبن واصل، ١٩٥٧، ج٥، ٣٥٠)، هێزێکی تری تورکەکان کە بە (الصالحیة) ناسرابون ئەم هێزانە لە مەمالیکە تورکەکان دروستکرابون، ئەم ناوەشی دەدرێتە پاڵ الملک الصالح آیوب بەهۆی ئەوەوە بو ژمارەیەکی زۆری لە مەمالیکی تورکی کڕی بەجۆرێک پێشتر هیچ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ئەم ژمارە زۆرەی لە تورکەکان نەکڕی بو، بەسەر کوردە ئەیوبیەکاندا زاڵیکردبون و کردبونی بە دارو دەستەی نزیک لە خۆی (ابن تغري بردی،١٩٩٢، ج٦، ٢٣١). هەروەها (البحریة) یەشیان پێ دەگوترا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی

کەوا (صالح نجم الدين ئەيوب) دورگەی (الروضة)ی لەسەر ڕوباری نيل هەڵبژارد وەک مەڵبەندێک بۆ ئەوانە و کردی بەسەربازگە بۆيان، زۆربەی ئەو مامەليکە تورکانەش لە وڵاتی (قەفجاق)ی باکور دەريای ڕەشەوە هێنرابون، هەروەها لە وڵاتی قەوقاز، نزيک دەريای قەزوين، ئەم تورکانە سيفەتی تايبەتييان هەبو لە نێو سەرجەم تورکەکانی تردا، بەشێوەی گشتی خاوەن ڕوخساری جوان و جەستەی بەهێز و ئازايەتی تايبەتی بون. ئەمانە لايەنگری و خۆشەويستی زۆريان بۆ الملک الصالح آيوب هەبو لەبەرئەوەی بەکرۆکی سوپای سەربازی لێدەر (الضاربة) دادەنران. ئەمانە توانيان پلەی سەربازی گەورە بەدەستبێنن لە سوپاکەی الملک الصالح ئەيوبيدا وەکو (إبن الدين بيرى)، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبو لە گرتنە دەسەڵاتی (الصالح نجم الدين آيوب)دا، هەروەها ئەمە جگە لە بەشداريکردنيان لە کێشە ناوخۆييەکان لە دوايشدا کاريگەری زۆريان هەبو لە جەنگەکانی دژی خاچ دروشمەکان بە تايبەتی لە جەنگی منصورە توانيان سەرکەوتنی گەورەی بۆ ئەيوبييەکان تۆماربکەن (فاطمة زبار الخيزان الحمداني، 1995، ١١١) هۆکارێکی تری پشت بەستن بە مەماليکە تورکەکانە ئەوە بو دوای مردنی صالح الدينی ئەيوبی لە ساڵی (٥٨٩ك/١١٩٣ز) دەوڵەتی ئەيوبی دابەشبو بەسەر کوڕو برا و برازا و خزم و کەسەکانيدا لە (ديمەشق، ميسر، بصرى، بەعلەبەک، حمص، حما)، کە بنەماڵەی ئەيوبی فەرمانڕەوايان دەکردن ميراتگرانی سوڵتان صلاح الدين لە نێو خۆياندا بو بەشەڕيان ململانێی يەکتريان دەکرد لەسەر دەسەڵات هەر يەکەيان دەيويست ئەوەی تريان لەناوبەرێت و ژێر دەسەڵات و ناوچەی خۆی فراوان بکات و بيخاتە ژێر دەستەی خۆی و لە لايەکيترەوە مململانێی فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی زەنگ لە موسڵ و سنجار و حصن کيفا و ئامەد دژبە ئەيوبييەکان وەستا بونەوە ئەمانە بونە، هۆی ئەوەی هەريەکەيان ڕاستەوخۆ هەوڵی بەهێزکردن بدەن، کەرەستەی ئەم بەهێزبونەش جەنگاوەری مەماليک بون ئەمەش وايکرد ناکۆکی بکەوێتە نێو ئەو بنەماڵە لەسەر دەسەڵات، بۆيە لەسەر دەستی سوڵتان الصالح آيوب مەماليکەکان ڕۆڵی گرنگيان گێڕاوە و پشتگيری الصالح ئەيوبيان کرد و لە دانانی لەسەر تەخت، بەم شێوەيە کوردە ئەيوبييەکان دورکەوتنەوە و مەماليکەکان شوێنيان گرتنەوە (سعيد الفتاح عاشور، ١٩٦٥، ٥٠٤) دوای ئەوەی تورکەکان ئازاد دەکات و متمانەيان پێناکات لەسەرەتای دەسەڵاتەکەی صاڵح ئەيوب لەوە دەترسا سوڵتانی ئەيوبيەکان بەسەرکردايەتی (الملک الصالح اسماعيل)ی مامی لە دژی کۆببێتەوە لەوەش ترسا (کامیلیەکان و ئەشرفييەکان لێیڕاپەڕن، کە ئەو دەسەڵاتە دوژمنکاريە بگاتە دەستيان (إبن واصل، ١٩٥٧، ج٥، ٣٣٩-٣٤٠)، جگە لەوەی الملک الصالح آيوب توانی ئەو تورکانە بەکاربهێنيت بۆ يەکلاييکردنەوەی کێشە ناوخۆييەکان، بەهەمان شێوە توانی بۆ ڕوبەروبونەوەی هێرشە دەرەکيەکانيش، کە دژ بە دەسەڵاتەکەی دەوەستانەوە بەکاريانبهێنێت بەردەوام ئەو سوپايەی پێکهاتبو لە مەماليکەکان پڕ چەک و لە ئامادە باشيدابون هەر کاتێک خاچ دروشمەکان هێرشيان کردبا ئەوا مەماليکەکان بەو کەشتيانەی ئامادەکرابون ڕوبەڕويان دەبونەوە(سەرباز محمد حسن، ٢٠٢٠-٣١٠)، مەماليکە تورکەکان توانيان ببنە شوێنگرەوەی سوپای ئەيوبی، کە بەشداری بەرچاويان هەبو لە هێرش و پەلاماردان خاچ دروشمەکان بۆ سەر ميسر لە کاتی هەڵمەتی حەوتەمی خاچ دروشمەکاندا لەسەردەمی الملک الصالح آيوب فەرەنسييەکان (خاچپەرستەکان) بەسەرکردايەتی (لويسی نۆيەم)[٢١] (٦٢٣-٦٦٨ك/١٢٢٦-١٢٧٠ز) دەستيانگرت بەسەر (دمياط)[٢٢] پێشرەويان کرد بۆ (المنصورة)[٢٣]، هەرچەندە لەم کاتەدا الملک الصالح نجم الدين آيوب نەخۆش بو، بەڵام خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگ دژی خاچ دروشمەکان، بەڵام تەواوی نەکرد و لە ناوەڕاستی مانگی شەعبان لە منصورە کۆچی دوای کرد و مردنەکەی شاردرايەوە تاهاتنی کوڕەکەی (المعظم تورانشاه)بو لە حصن کيفا (أحمد رضا احمد، ٢٠١٥، ١٩٦)، بەم جۆرە مەماليکەکان دەوری زۆريان لە جەنگ دژی خاچييەکان نيشان دا و سەرکەوتنی زۆريان

بەسەر خاچ دروشمەکاندا هێنا دوای مردنی الملک الصالح آیوب مەمالیکەکان بونە دەسەڵاتدار و کۆتایی بە دەوڵەتی ئەیوبی هات.

خێزانی الصالح نجم الدین آیوب بە ناوی (شجرة الدر)[٢٤] مردنەکەی دەشارێتەوە نەیهێشت کەس بە مردنەکەی بزانێت بەهۆی ئەوەی سوپای ئەیوبی لەگەڵ خاچ دروشمەکان لە شەڕدا بو نەیانهێشت خاچ دروشمەکان هەل وەربگرن و بە مردنەکەی بزانن و توندتر فشار و هێرش بکەنەسەر میسر شجرة الدر نوسراو فەرمانی بەناو و مۆری سوڵتان الصالح آیوب دەردەکرد (زرار صدیق تۆفیق، ٢٠١٣ز، ٣٧٢). دوای ئەوەی شەڕی خاچ دروشمەکان و ئاسایی بویەوە لە میسر لە مەراسمێکدا بەخاکی دەسپێرێت ئەو کاتەی، کە دەمرێت تەمەن چل و چوار ساڵ دەبێت بۆ ماوەی نۆ ساڵ فەرمانڕەوای دەکات. لێرەدا دەتوانین بڵێن بونی ژمارەیەکی زۆری تورکەکان لە سوپای (الصالح نجم الدین آوب)دا، وەکو هێزی گورزهاوێژ (القوة الضاربة). هێزی زۆر بەخشیبو بەم سوپایە، چونکە تورکەکان شەڕکەری باش بون. بە ئازایەتی و چاونەترس ناسرابون، بۆیە ڕۆڵی سەرکردایەتی سوپایان پێدەسپێردرا لە چەندین جەنگدا، هەروەها ڕۆڵی سەرەکیان هەبو لە پاراستنی میسر لەکاتی هێرشی خاچ دروشمەکاندا لە ئەنجامدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بەسەر خاچ دروشمەکاندا، پاشان فەرەنسا لویسی نۆیەمیان بەدیلگرت بەم شێوەیە لەدوای مردنی الصالح نجم الدین آیوب کۆتایی بە دەوڵەتی ئەیوبی هات و سەردەمی نوێ دەستپێکرد، ئەویش بە سەردەمی مەمالیکەکان ناسراوە.

### ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک:

- لەگەڵ ئەوەی تورکەکان وەک کۆیلە هێنرانە ناو خەلافەتی عەبباسی و دەوڵەتی ئەیوبی، بەڵام توانیان هەژمونی خۆیان بسەلمێنن بەسەر خەڵافەت و کۆتایی بە دەوڵەتی ئەیوبی بهێنن.
- بەتێپەڕبونی کات ڕۆڵی گروپە سەربازییە ناعەرەبییەکان زیاتر بو. ئەوان پۆستە گەورەکانی دەوڵەتیان گرتە دەست و کارگێڕی و سوپایان خستە ژێر دەستی خۆیان بەتایبەت لە هەردو سەردەمی خەلیفە المعتصم باللە و الملک الصالح نجم الدینی آیوبدا.
- لەڕوانگەی سیاسیەوە خەلیفە المعتصم باللە ڕەگەزی تورکی هێنا بۆ جێگرتنەوەی فارس و عەرەب، بەڵام دوای مردنی المعتصم باللە تورکەکان بەتەواوی کۆنترۆڵی خەلیفەکانیان کرد و توانیان لە قۆناغی دوەمی عەبباسی دەسەڵات بگرنە دەست، لەسەردەمی الملک الصالح نجم الدین آیوبدا بە هەمان شێوە دوای مردنی الملک الصالح آیوب مەمالیکەکان دەوڵەتی مەمالیکیان دامەزراند و بونە جێگرەوەی کوردە ئەیوبییەکان.
- ئەگەرچی تورکەکان وەکو کۆیلە هاتنە ناو جیهانی ئیسلامییەوە، بەڵام هەوڵ و تێکۆشان و وەرچەرخانیان وایکرد وردەوردە هەنگاوبنێین بۆ ناو کۆشکی خەلافەت و بگەن بە دەسەڵات.
- لاوازی دامەزراوەی خەلافەت و بێتوانایان لە دەستبەسەرداگرتنی دۆخی سیاسی و دەوڵەت و سەرهەڵدانی ناکۆکی لەناو بنەماڵەی عەبباسی و ئەیوبی لەسەر دەسەڵات بوە، هۆی پشتگوێخستنی عەرەب و کوردە ئەیوبیەکان ئەمەش وایکرد کە تورکەکان ببنە هێزێکی سەربازی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشە ناوخۆی و دەرەکییەکان.

- ئەگەر بەراورد بە هەردو سەردەمی خەلیفە المعتصم بالله و الصالح نجم الدين ايوب بکەين دەبينين يەک ئامانجيان هەبوە لە هێنانی تورکەکان ئەويش بۆ يەکلايکردنەوەی کێشە ناوخۆيی و دەرەکييەکان بوە وەکو کێشە و ململانێی ناو بنەماڵەکانيان و وەستانەوەيان دژ بە ئيمپراتۆريەتی بێزەنتی و خاچ دروشمەکان.

## سەرچاوەکان

ابن الأثير، عزالدين أبي الحســن بن أبي الكرم محمد بن عبدالكريم بن الشــيباني (١٩٩٥م)، الكامل في التاريخ، تحقيق، عمر عبدالســلام تدمر، دارالكتب العلمية، بيروت.

ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين آحمد بن محمد بن آبي بكر (ت٦٨ھ/١٢٨٢م)، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحققيق، احسان عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٧٧

الصــفدي، صــلاح الدين خليل في ابيک (٧٦٤ته/١٣٦٢م)، الوافي بالوفيات، تحقيق، آحمد آرناوط و آخرون، الطبعة الاولي، دار اجاء العربي للطباعة النشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٦م

ابن الكلبي، آبو المنذر هيشــام بن محمد بن الســائل الكلبي، (ت ٢٠٤ھ/ ٨٩١م)، تحقيق، حســن ناجي، الطبعة الاولي، عام الكتاب، بيروت، ١٩٨٦، ص١٤٩، البلاذري، آحمد بن جابر (ت ٢٧٩ھ/٨٩٢م)، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٠، ج١١

البلاذري، آحمد بن جابر (ت ٢٧٩ھ/٨٩٢م)، فتوح البلدان، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٠، ج١١

القلقشندي، ابو العباس احمد بن علي(ت ٨٣١ھ/١٤١٨م)، صبح الآعشي في صناعة الآنشاء، مشروع و تعليق، محمد حسين شمس الدين، مطبعة دار الكتب العلمية، لبنان، (٢٠١٢م)

فيروز، ئەبادى، العلامة اللغوي محى الدين يعقوب، فيروز ئابادى (ت ٨١٧ھ/١٤١٤م)، القاموس المحيط، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٣م

الصــابي، ابو الحســين جلال الدين المحســن بن ابراهيم، (ت ٤٨٨ھ/ ١٠٥٦م)، رســوم دار الخلافة، تحقيق، ميخائيل عواد، بغداد، ١٩٦٤م

ابن العديم، الصابي الكمال الدين عمر بن شمد بن آبي جراده (ت ٦٦٠ھ/ ١٢٦٢م)، بخية الطب في التآريخ حلب، تحقيق، سهيل زكار، بيروت، ١٩٨٨م

ابن المستوفي، شرق الدين ابو البركات المبارك بن حمد، تآريخ اربيل، سامه بن سيد خماس الصقار، دار الرشيد، ١٩٨٠م

إبن دقماق، صارم الدين إبراهيم بن أيدمر، (د-ت)، الجواهر الثمين في ميصر الملوك واسلاطين، الجامعة العربية، بدون مكان الطبع.

الأصــطخري، ابواســحاق إبراهيم محمد الفارسى (د-ت)، المســالک والممالک، ترجمه، محمد جابر عبدالحال الحســينى، الهيئة العامة لقصور الثقافه، د-ط، القاهره.

ابن الجوزي، الإمام أبي الفرج عبدالرحمان بن على بن محمد بن على بن الجوزي (٢٠٠١م)، تلبيس ابليس، الطبعة الاولى، دار الفكر، بيروت.

ابن العمراني، محمد بن على بن محمد، (٢٠٠١م)، الأنبياء في تاريخ الخلفاء، تحقيق قاسم السامرائي، دار الأفاق، القاهرة.

ابن تغري بردي، (١٩٧٢م) النجوم الزاهرة في الملوك مصرو القاهرة، وزارة الثقافة والإرشاد القومى، القاهرة.

ابن حوقل، أبى القاسم بن حوقل النصيب، (١٩٩٢م)، صورة الأرض، د-ط، دار مكتبة الحياة، بيروت.

ابن خرادذبة، أبوقاسم عبيدالله بن عبدالله (١٩٨٩م)،، المسالك والمماليك، دار الصدر، أمندبيدن، بيروت.

ابن خلدون، أبوزيد عبدالرحمن بن خلدون المغربي، (٢٠٠٦م)، تاريخ ابن خلدون، الطبعة الثالث، دارالكتب العلمية، بيروت.

ابن كثير، عما الدين اسماعيل عمر بن كثير القريش الدمشقي، (١٣٤٨م)، البداية والنهاية، الطبعة الأولى، دار السعادة، القاهرة.

ابن واصل، جمال الدين محمد بن صالح (١٩٥٧م)، مفرج الكروب في أخيار بني أيوب، تحقيق، جمال الدين الشيال و أخرون، دار الوثائق القومية، القاهرة.

ابوالفداء، عماد الدين اسماعيل بن محمد بن عمر، (١٩٠٧م)، المختصر في أخبار البشر، المطعبة الحسينية المصرية، القاهرة.

ابوالفداء، عماد الدين اســماعيل بن محمد بن عمر، (١٨٦٠م)، تقويم اللبدان، تصــحيح، ريينوة البارون ماكوكين ديســلان، دار للطباعة السلطانية، پاريس.

البيهقى، أبوالفضل محمد بن حسين، (١٩٧٠م)، مناقب الشافقي، تحقيق، السيد احمد صقر، مكتبة دار التراث، القاهرة.

الجاحظ، ابوعثمان عمر بن بحر البصرــى، (١٩٦٤م)، رســالة الجاحظ، مناقب الأتراك، تحقيق، عبدالســلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، القاهرة.

الجهشـــياري، أبي عبدالله محمد امين عدوسى، (١٩٣٨م)، تحقيق، أبراهيم الأبيارى و أخرون، الطبعة الأولى، مطبعة مصـــطفى البابى الحلبي و أولاده، القاهرة.
الحنبلى، أحمد بني إبراهيم، (١٩٧٩م)، شفاء القلوب في مناقب بني أيوب، تحقيق، ناظم رشيد، دار الحرية، بغداد.
الدميري، شيخ كمال الدين بن موسى بن عيسى، (٢٠٠٦م)، حياة الحيوان الكبرى، الطبعة الأولى، دار المعرفه، بيروت.
الدينورى، ابوالحنيفة آحمد بن داود، (١٩٦٠م)، **الأخبار الطوال**، تحقيق، عبدالمنعم عامر، دار أحياء الكتب العربي، القاهرة.
الذهبي، أبو عبدالله شـمسـ الدين محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز، (٢٠٠٤م)، سـير اعلام النبلاء تحقيق، حسـان عبدالمنان، بين الأفكار الدولة، بيروت.
سـبط ابن الجوزى، شـمس الدين أبى مظفر يوسـف بن قراو علي التركي، (١٩٥١م)، مرأة الزمان في تواريخ الأعيان، مجلس دائرة المعارف الأسلامية، الدكن.
الســيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن ابى بكر، (٢٠٠٤م)، تاريخ الخلفاء، الطبعة الأولى، الناشر مكتبة نزار مصـــطفى الباز، بدون مكان الطبع.
الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير، (١٩٧٥م)، تاريخ الرسول و الملوك، تحقيق، محمد ابوالفضل إبراهيم، الطبعة الثانية، دار المعارف، القاهرة.
العسكرى، أبو آحمد الصف بن عبدالله، (١٩٦٦م)، الأوائل، تحقيق، محمد سيد الوكيل، مؤسسة الحسيني، مدينة.
القرماني، ابي العباس أحمد بن يوســـف بن أحمد الدمشـــقى، (د-ت)، آخبار الدول و أثار الأول في التاريخ، الطبعة الثانية، مطبعة عام الكتب، بيروت.
المسعودى، أبوالحسـن علي بن الحسـينى بن على، (٢٠٠٥م)، مروج الذهب و معادن الجوهر، تحقيق، محمد هاشـم الخسـان و أخرون، دارا المعرفة، بيروت.
المقدسي، أبو عبدالله محمد بن أحمد، (١٩٩١م)، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، الطبعة الثالث، مكتبة مديولى، القاهرة.
المقريزى، تقى الدين أبي عباسى أحمد بن على بن عبدالقادر العبيدي، (١٩٧٧م)الســلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق، محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.
ناصر خسرو، أبو معين الدين القباديانى المسروزى، (١٩٤٥م)، سفرنامه، نقله الى العربية، يحب الخشاب، الطبعة الاوالى، دار الكتب الجديد، القاهرة.
نظام الملك، ابوعلى حسن بن اسحاق الطوسي، (٢٠٠٧م)، سيرالملوك آو (سياست نامه)ترجمة، يوسف بكار، دار المناهل، بيروت.
اليعقوبى، أحمد بن جعفر بن وهب ابن واضع (١٨٨٣م)، تآريخ اليعقوبى، مطبعه البريل، ليدن.
اليعقوبى، آحمد بن جعفر بن وهب ابن واضع، (١٤٢٢م)، كتاب البلدان، دار الكتب العلمية، بيروت.
اليونيني، موسى بن محمد احمد، (١٩٩٢م)، ذيل مرأة الزمان، الطبعة الثانية، دار الكتب الإسلامي، القاهرة.
ياقوت الحموي، شـــهاب الدين آبو عبدالله ياقوت الحموي الرومي البغدادي (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م)، معجم البلدان، تحقيق، محمد بن عبدالرحمن المرعشلي، مطبعة دار احياء التراث العربي، بيروت، ٢٠٠٨م
احمد أمين، (٢٠٠٨م)، ظهر الإسلام، دار الكتب العربي، بيروت.
آحمد عبدالباقي، (٢٠٠٧م)سامراء عاصمة الدولة العربية في عهدالعباسيين، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
أحمد مختار العبادي، (٢٠٠٢م)، في التاريخ العباس والفاطمي، دار النهضة العربية للطباعة والنثر، جامعة الأسكندرية، الأسكندرية.
أمينه بيطار، (١٩٩٧م)، تاريخ العصر العباسي، الطبعة الرابع، جامعة دمشق، دمشق.
انور محمد زناتي، محجم المطلحات التآريخ المصارة الإسلامية، ط١، دار زهرات للنشر، عمان، ٢٠١١
جرجى زيدان، (١٩٧٣م)، تأريخ التمدن الأسلامي، مراجعة، حسن مؤنث، دار الهلال، القاهرة.
جمال الدين الشيال، (١٩٩٧م)، تاريخ مصر الإسلامية القاهرة.
حسام الدين السامرائي، (٢٠٠٤م)، المؤسسات الإدارية في الدولة العباسية، مركز الاسكندرية للكتاب، بغداد هل دي، (١٩٥٦م)، الحضارة العربية، ترجمة، نزار إبراهيم، احمد الحدوي، مكتبة انكلوا المصرية، القاهرة.
حسن أحمد محمود، (١٩٩٥م)، العالم الأسلامى في العصر العباسى، دار الفكر العريبي، القاهرة.
سعيد عبدالفتاح عاشور (١٩٦٥م)، العصر المماليك في مصرو شام، الطبعة الاولي، مطبعة لجنسية البيان العريب، مصر.
شـــفيق جاسر أحمد محمود، (١٤٠٩هـ)، الممالك البحربة و قضـــائهم على الصـــليب في شـــام، الجامعة الأســـلامية في المدينة المنورة، المدينة.

عصام الدين عبدالرزاق، (١٩٩٥م)، الدول المستقلة في المشرق الإسلامی منذ منتهد العصر العباسي حتى الغزو و المغول، الطبعة الأولى، دار الفكر العربي، القاهرة.
على محمد الصلابي، (١٩٨٦م)، الدولة العثمانية عوامل النهوض و أسباب السقوط، دار المعرفة، بيروت.
على محمد الصلابي، (٢٠٠٥م) تاريخ الاسلام، دار النجر للنشرات، القاهرة.
كي لسترينج، بلدان، الخلافة الشرقية موعسية الرسالة، نقلة الي العربية شبير فرانسين، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٨٥م، ص١٥٤
فاروق عمر فوزى (٢٠٠٣م)، الخلافة العباسية السقوط الطبعة الأولى، د.ط، بيروت.
فاروق عمر فوزى، (١٩٧٣م)، دراسات في التاريخ الإسلامی، دار مجدلاوي، عمان.
فاز يلف، العرب والروم، ترجمة، محمد عبدالهادي شحيرة و آخرون، دار الفكر العربي، ١٩٠٠
فاطمة الزبار العنيزان الحمداني(1995م.)، الملك الصالح أيوب وانجازاته السياسية والعسكرية، جامعة بغداد، بغداد.
قادر اسحاق ناتخو، (٢٠٠٩م) التاريخ الشركس، ترجمة، أحمد ازوقه، الطبعة الأولى، دارو الأردنية للنشر التوزيع، الأردن.
محمود ياسين أحمد التكريتي، (١٩٨١م) الأيوبين في شمال الشام و الجزيرة، دار الرشيد للنشر، بيروت.
مصطفى عباس الموسوى، (١٩٨٣م)، العوامل التأريخية نشأة تطور المدن العربية الإسلامة، دار الرشيد للنثر، بغداد.
هل دي، (1956م)، الحضارة العربية، مكتبة انكلو المصرية، القاهرة.
آحمد مختار العبادى، (٢٠١٠ز)، مێژوی ئەیوبی و مەمالیکەکان، وەرگێڕاوی نیهاد جلال حبیب الله، چاپی یەکەم چاپخانەی نارین، هەولێر.
ئاراس فەریق زینەل، (٢٠١١ز)، مێژوی جەنگ خاچیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
ئارشاد پۆلادیان، (٢٠٠٨م)، کورد لەسەدەمی حەوتەم تا سەدەمی دەیەم، وەرگێڕان: جەلیل کاکەوەیس، هەولێر.
دوربیە عەونی و ئەوانی تر، کورد لە میسر بە درێژایی سەدەکان، وەرگێڕان، حسێن مولفی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سۆران، هەولێر. بەبێ ساڵی چاپ.
زرار صدیق توفیق، (٢٠١٣م)کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
سەرباز محمد حسن، (٢٠٢٠ز)، ڕەشەبای مەرگ، چاپی دوەم، بێ شوێنی چاپ.
عباسی عمر محمد، (٢٠١٠ز)، مێژوی کوردە ئەیوبیەکان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
علی محمد الصلابی، (٢٠٠٥م)، دەوڵەتی مەغوڵ و تەتەر لە نێوان بڵاوبونەوە و تیکشکاندندا، وەرگێرانی، رسول محمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، بیروت.
ادوارد براون، (د-ت)، تاریخ اردبیل ایران، ترجمە، علی پاشا صالح، انتشارات دانشگاە تهران، بدون مكان الطبع.
احمد رضا احمد، المدارس في بلاد الشام في العصر الآيوبي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، المصل، ٢٠٠٨م
عبداباري محمد الطاهر، (١٩٨٩)، الأتراك و الخلافة في العصر العباسى الأول، رسالة ماجستير، كلية دار العلوم جامعة القاهرة، القاهرة.
موفق سالم نورى الجواد، (١٩٨٦م)، العلاقات العباسية اليزنطية في العصر العباسى الأولى، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الموصل.
أحمد رضا أحمد، (٢٠١٥ز)، ڕۆشنبیری بنەماڵە ئەیوبی و ڕۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی لایەی مەعریفی وفێرکردن لە میسرو شام لە سەدەی شەش و حەوتی کۆچی/سیانزەی زانیدا، گۆڤار، زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٣)
توفق السلطان اليزبكي، (١٩٩٨)، نفوذ الآتراک السياسي في الخلافة العباسية، اداب الرافدين،جامعة الموصل، كلية الآداب، مجلة، عدد(٣١)

## پەراوێزەکان :

١- بوخارا: گەورەترین و کۆنترین شاری ئەودیو ڕوبارە لە کۆندا هەرێمێکی فراوان و بنکەی پاشاکانی ساسانییەکان بوە. لەگەڵ خەڵکانی وەکو عەرەب و عەجەم تێکەڵاوبون و لەسەر دەستی قوتیبەی کوڕی موسلیمی باهیلی لەسەردەمی وەلیدی کوڕی عبدالملک فەتحکرا. بڕوانە (یاقوت الحموي، شهاب الدين آبو عبدالله ياقوت الحموي الرومي البغدادي (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م)، تحقيق، محمد بن عبدالرحمن المرعشلي، مطبعة دار احياء التراث العربي، بيروت، ٢٠٠٨م، ص٣٩٥

2 -قتبیة کوڕی موسلیمی باهلي: ئەبو حفض قطیبة کوڕی ئەبی صاڵحی کوڕی مسلم کوڕی عمر کوری حسین ربیعە باهلییە، والی خوراسان بوە لەسەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕوان لە ساڵی (٤٩ك/٦٦٩ز) لە دایک بوە توانی فەتحی ناوچەکانی بخاراو خوارزم و سەمەرقەند و فەرغانە بکات و بچێتە ناو ئەو دیو ڕوبار و قەڵاکانی داگیربکات: بڕوانە: ابن خلكان، البوالعباسی. شمس الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر

(ت٦٨١هـ/١٢٨٢م، تحقيق: احسان عباسی، د-ول، دار صادر (بيروت، ١٩٧٧م.)ص٨٦؛ الصفدی، صلاح الدين خليل بن ايک(ت-٧٦٤هـ/١٣٦٢م)، تحقيق، أحمد الأرناؤط، أخرون، الطبعه الاولی، دار احياءالتراث العربی للطباعة. واالنثر التوزيـع، (بيروت، ٢٠٠٦م)، ص١٤٦.

٣ -نصری کوڕی سـيار کوڕی رافع حەرەری ربیعەی کیتانیه دوا والی ئومەویەکان بو لە خۆراسـان، بە زیرەکی و ئازایەتی ناسرابو تا سـەردەمی بانگەوازی عەبباسی هەر بە والی ماوەتەوە. بڕوانە: ابن الكلبي، آبو المنذر هيشـــام بن محمد بن الســـائل الكلبي، (ت ٢٠٤هـ/ ٨٩١م)، تحقيق، حسن ناجي، الطبعة الاولي، عام الكتاب، بيروت، ١٩٨٦، ص١٤٩، البلاذري، ج١١، ص١٠٢

٤ -حماد الترکي: یەکێک لەسەرکردە تورکەکان لەسەردەمی ئەبو جەعفەر منصور (١٣٨-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز) کارمەندێکی باڵا بو بۆ کۆکردنەوەی باج لەسەر ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی خەلیفە ابو جەعفەر دا بوە. بروانە: الجهشاري، ١٩٣٨، ص١٣٤.

٥ -السواد: بەواتای ڕەشە خاکی عێراق ئاماژە بۆ ئەو زەوییە بە پتیانەن کە لەسەردەمی عمری کوڕی خطابدا هەبون لە سنوری عەبادان نزیک بەسرە بڕوانە: انور محمود زناتی، ط١، دار زەهرات للنثر، (عمان، ٢٠١١م)، ص٢٢١.

٦ -دیوانی جند (دیوان سەربازی): دیوانی لەلای زانایان زمانەوانی بریتییە لە کۆی ئەو پەڕاو نوسراوانە کە ناوی سەربازی و سوپاو موچەکانیان تێدا نوسراوە کەواتە دیوان بریتییە لەو تۆمارەی، کە ناوی سودمەندانی بەخشینی تێدا دەنوسرێت یەکەم کەس لە ئیسلامدا دیوانی داهێنا عمری کوڕی خطاب بو ناوی خەڵکەکە و هۆزەکانی نوس و موچەی بۆ دابین کردن. ناوی هەمو سەربازانی عەرەب و ناعەرەبیش تێدا دیاری کرا. بروانە: (بلاذری،٢٠٠٠، ج١١، ص٤٣٦)؛ فیروز ئابادی، العلامة اللغوي محی الدين بن يعقوب فيروز ئابادی (ت٨١٧هـ/١٤١٤م) دارالفکر، (بیروت، ١٩٨٣م) ج٤، ص٢٢٤.

٧ -نوح کوڕی اسد: کەسێکی تورک و خاوەن زۆرترین ژمارەی کۆیلە بو بازاڕێکی گەورەی لە سمرقند هەبو بۆ فرۆشتن کۆیلە تورکەکان. بڕوانە: اليعقوبي، ص٢٥٦.

8[1] -الأستاذين يان (الخواص) يان پێگوتراوە، ئەوانەی کۆیلەی گوێڕایەڵی و تایبەت و وابەستەی ڕاستەوخۆی خەلیفە بون، کە لەهەردو جۆر کۆیلەی ڕەش پێست و سپی پێست پێکهاتبون، ئەرکیان تەنیا خزمەتکردنی خەلیفە بوە، واتە خەلیفە بۆخزمەتکردنی خۆی ئەو کۆیلانەی کڕیوە. بروانە: الصابي، ابوالحسين جلال الدين المحسن بن إبراهيم (ت٤٨٨هـ/١٠٥٦م)، تحقيق، ميخائيل عواد، (بغداد، ١٩٦٤م)، ص١٢.

٩ -ئەفشین: ناوی حەیدەر کوری کاوس بو خەڵکی آشروسنەیە نازناوی ئەفشین بوە، چونکە کوڕەکان پاشایان آشروسنە ئەو نازناوەیان پێداوە. سەرکردەی سوپا بوە لەسەردەمی (المآمون) و(المعتصم بالله) سەرکردەیەتی سوپای دەکرد لەسەردەمی (المعتصم بالله) چۆتە ناو خاکی ڕۆمەکان و شەڕی تیۆفلی کردوە، بڕوانە:ابن خلدون، ٢٠٠٦م، ج٣، ص٣٣٦-٣٣٧.

١٠ - بابەکی خوڕەمی: کەسایەتێکی ناسراوی شاری البذ، گوندێکە لەنێوان (اذربیجان) و (ئاران)دایە هاوکاری جاویدان کوری سەهای فەرمانڕەوای شارەکەی کردوە، دوای مردنی جاویدان سەرۆکایەتی خوڕەمەکانی پێ سپێردراوە درا لەساڵی (٢٠١ك/٨١٦ز) سەرکردایەتی بزوتنەوەکەی گرتوتە ئەستۆ، کە بزوتنەوەی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بو، بڕوانە: الطبري، ج٨، ص٢٧٢.

١١ -عاموریە: یەکێکە لە شارە گەورە و گرنگەکانی ڕۆمە بێزەنتیەوەکان دادەنرێت ناوی عاموریە لە ناوی عاموریە کچی یافث کوری سامی کوری نوح هاتوە. شوێنی لەدایکبونی ئیمپڕاتۆری بێزەنتی توفیلی پاشایە لەسەردەمی خەلیفە (المعتصم بالله) لە ساڵی (٢٢٣ك/٨٣٧ز) ڕزگاریکرد نزیک سنوری ئیسلامییە: بڕوانە: ابن خرداذبة، ص٩٦.؛ یاقوت الحموي، ٢٠٥٨م، ج٤، ص٥٨.

١٢ -تیوفل کوڕی میخائل: دوەم ئیمپڕاتۆری بنەماڵەی عاموریەکانە لە ساڵی (٢١٨، ٢٢٧ك) دوای کۆچی ئیمپڕاتۆری میخائیلی باوکی دەسەڵاتی وەرگرتوە وەڵامی بانگەوازی بابەکی دایەوە بۆ داگیرکردنی سنورەکانی خەلافەت سوپای گەورەی ئامادەکرد بەرەو سنورەکانی خەلافەت هێرشی کردە سەر شاری ماڵاتیا و زیطرة و خەڵکی زۆری کوشت و بەدیلی گرتن. بروانە: فازیلف، ترجمة، محمد عبدالهادی شیعرە وأخرون، دارا الفکر العربي، (د-ط،١٩٠٠م)، ص٢١٠.

١٣ -زبطرة: شارێکە لە نێوان ماڵاتیە و سمیساط و الحدث لە لیواری وڵاتی ڕۆمەکانە نزیکترین سنوری ئیسلامیە لە وڵاتی ڕۆمەوە. شوێنی لە دایکبونی دایکی خەلیفە (المعتصم بالله)بوە بە دەست ڕۆمەکان وێران و داگیرکراوە. بروانە: ابن العديم، الصاحب الكمال الدين عمربن

أحمد بن ابي جراده(ت٦٦٠هـ/١٢٦٢م)، تحقيق، سهيل زكار، دار الفكر، د-ط-(بيروت، ١٩٨٨م) ج١، ص٢٤٧؛ كي لسترنج، نقلة الى العربية شير فرانسين، الطبعة الثانية، (بيروت، ١٩٨٥م)، ص١٥٤.

١٤ -آشناس: کۆیلەیەکی تورک بو لەلایەن (المعتصم بالله) کردرا بو بەهۆی ئازایەتی لە شەڕەکاندا لە کاتی شەڕی عاموریە لە پێشەنگ سوپادا بو وەکو جێگری (المعتصم بالله) دەستنیشان کرابو. بروانە: الطبري، ١٩٧٥م)، ج٥، ص٢٣٦، الشيخ محمد الخضرى بک،، تحقيق، الشيخ محمد العثماني، مطبعة المكية توفقة، (د-م، د-ت)، ص٢٦٧.

١٥ -إبتاخ: یەکێک بوە لەسەرکردە باڵاکانی تورک لەبنەڕەتدا چێشت لێنەر بوە لەسەردەمی خەلیفە (المعتصم بالله) کردرا چەند پۆستێکی هەبوە بەشداری زۆری شەرەکان کردوە. بروانە: الذهبي، تحقيق، ابو هاجر محمد السعدبن بيوتى زغلول، د-ط، (بيروت، ١٩٨٥م) ج١، ص٣٢١.

١٦ -جەعفەری کوڕی دینار: فەرماندە بوە لە خەلافەتی عەبباسی لە کۆتایی (سەدەی ٢ک/١٠ز) و لایەنگری خەلیفە (المآمون) بوە لە کاتی ململانێ لەگەڵ (الآمين)ی برای. ناوبراو وەک یەکێک لەو سەرکردە سەربازییانەی کە لە بەغدا و دەوروبەری پۆستی ئەمنی و سەربازیی هەبوە و لە دوای کوشتنی (الآمين) لە ساڵی (١٩٨ک/٧١٧ز) بەشداریی کردوە لە چەسپاندنی دەسەڵاتی (المآمون)دا. بڕوانە: (الطبري، ١٩٦٧، ج٨، ٥٤٨)

١٧ -عجيف بن عنبسة: ناوی (عجيف بن عنبسة الكتاني)ە لە نەوەی جندع کوڕی ليث کوڕی بكر کوڕی عبدالمناف کوڕی کتانیە بەکێک بوە لە سەرکردەنی سوپای عەبباسی لەسەردەمی المتصم دا هەر لەسەردەمی خەليفە (المعتصم بالله)دا کوژراوە چونکە پیلانی کوشتنی خلیفەی دانابو. بروانە (الطبري،١٩٧٥م) ج٩، ص٧٧)

١٨ -سروج: گوندێکە نزیکە لە حمران دەکەوێتە باشوری سمیاط بروانە: ياقوت الحموي،2006 ، ج٣، ص٢١٦.

١٩ -قەفجاق یان قیجاق: هەرێمێکە لە حەوزی ڕوباری ڤۆلگا لە باشوری رۆژهەڵات ڕوسیا باکوری دەریای ڕەش و قەوقازی و خەڵکەکەی تورک بون ئەوانە خەڵکانی کۆچ ڕەوبون لەسەر نەرێتی خێڵەکی و لە ژیانێکی سەختدا بون وڵاتەکەیان شوێنێکی گەورەی بازرگانی کۆیلەی تورک بوە. بڕوانە: ياقوت الحموي، (٢٠٠٨م). ج 4، ص 383.

٢٠ -بدرالدين لؤلؤ: ناسراوە بە مەلک عبدالرحيم پێشتر مەملوکی ئەتابەگ زەنگ بوە سەرەتا کاروباری درایە دەست لەلایەن هەندێ لە ئەتابەگیەکانەوە دواتر دەسەڵاتی زیادی کرد بە تایبەتی دوای مردن مەسعودی کوری ئەرسەلان شا لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) بۆ ماوەی نزیکەی (٤٠ساڵ)، فەرمانڕەوای موصل کردوە دواتر لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) کۆچی دوای کردوە: بروانە: إبن المستوفي، ابوالبركات المبارك بن احمد، تحقيق، سامى بن سيد خماسي الصقار، دار الرشيد، (١٩٨٠)، ج٢، ص١٧١

٢١ -لويس نۆيەم، پاشای فەرەنسا و کوڕی لوسی هەشتەم بو سەرکردەی شەڕی خاچی حەوتەم بو، کە کرایە سەرمیسر لەساڵی ٦٤٧ك/١٤٤٨ز) لەسەردەمی صالح نجم الدين ايوب ئەيوب لەم جەنگەدا شکستی خوارد و بەدیلگیرا، بروانە: سعيد عبدالفتاح عاشور (١٩٦٥م)، الطبعة الاولي، مطبعة لجنسية البيان العريب، مصر.

٢٢ -دمياط، شارێکی کۆنە دەکەوێتە، دەریای ناوەڕاست (بحرالروم) کۆشەی دەریا کەی ڕوباری نیل دایە و ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیە (لەسەردەمی عمری کوڕی خطاب فتح کراوە)، بروانە: البلاذري، ٢٠٠٠، ص٤٠٢؛ ياقوت الحموي، 2006م، ج٥، ص٤٧٢.

٢٣ -المنصورة: شارێکە لە نێوان دمياط و قاهيرة دایە لە ساڵی ٦١٦ك لەلایەن سوڵتان عادلی ئەیوبیە دروستکراوە گەورەترین شەڕی دژ بە خاچیەکانی تێدا تۆمارکراوە، بروانە: ياقوت الحموي، ٢٠٠٦، ج٥، ص٢١٢.

٢٤- شجرة الدر: کەنیزەی ئەرمەنی، یان تورکی بو لەلایەن صالح نجم الدين کردرا ئازادی کرد و کردی بە خێزانی خۆی دوای مردنی الملك الصالح آيوبوە بە پاشای میسر ناوی (عصمةالدين) لێنراوە دوای مردن مێردەکەی دەسەڵاتی میسری وەرگرت. بروانە: احمد رضا احمد (٥٧٠-٦٩٨ك/١١٧٤-١٢٦٠ز) رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموصل، (الموصل، ٢٠٠٨ز.) ص١٧.